ئازاد وەڵەدبەگی

# ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان

## لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی



سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان

**ئازاد وەڵەدبەگی**

# ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان

## لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان
Kurdistan Center for Strategic Studies

## سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان

دەزگایەکی کەلتورییە لەساڵی ١٩٩٢دا دامەزراوە، ئامانجەکەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی‌یە لەبوارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی‌و سیاسەتی نێو دەوڵەتان‌و ئابوری‌و مەسەلە ستراتیجییەکان‌و مەبەستی بەدەست هێنانی قازانجی ماددی نیە.

هەمو ئەو لێکۆڵینەوانەی کەسەنتەر دەریاندەکا، گوزارشت لەڕاو بۆچونی خاوەنەکانیان دەکەن‌و بەپێی پێویست گوزارشت لەڕاو بۆچونی سەنتەر ناکەن.


Fered1956@yahoo.com
Fareed.as1956@gmail.com



- ئازاد وەڵەدبەگی
- ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان
- بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان
- سلێمانی ٢٠١٥
- دیزاینەر: ئاسۆ سەعید
- ژمارەی سپاردن لەبەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکان: ژمارە (١٧٤٧)ی ساڵی ٢٠١٤ی دراوەتێ
- ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی سەنتەر: ١\ ١٣٢\ ١٥

# پێشەکی

## یەکەم/ دەروازەیەك بۆ دەستپێکی بابەتی توێژینەوە:

ئاو بە شادەماری سەرەکیی ژیانی مرۆڤ دادەنرێ لەسەر گۆی زەوی و یەکەمین شارستانیەتەکانی جیهان لە کەناری رووبارەکاندا سەریانهەڵداوە، وەك شارستانیەتی میسری لە کەناری رووباری نیل و شارستانیەتی میزۆپۆتامیا لە کەناری رووبارەکانی دیجلە و فورات. هەربۆیە کێشەی ئاو، ئەمرۆ بووەتە یەکێك لەو کێشانەی کە گرنگییەکی زۆری پێدەدری لەسەر ئاستی جیهاندا و گەلێك لە ناوەندەکانی توێژینەوەی یاسایی، سیاسی، ستراتیژیی و ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاری بەخۆیەوە خەریك کردووە.

نزیك بە (٧١٪)ی رووبەری زەوی لە ئاو پێکدێت، لەم رێژەیە (٩٧,٥٪) بریتییە لە ئاوی دەریا و دەریاچەکان کە ئاوی سوێرن و (٢,٥٪) بریتییە لە ئاوی شیرین، لەم رێژەیەش (٠٣٪) ئاوی رووبارەکانە و (٣٠,٨٪) ئاوی ژێرزەوییە و (٦٨,٩٪) لە سەهۆڵبەندەکان و بەفری سەر چیاکان پێکدێن.[1] بەسەرنجدان بە زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی گۆی زەوی و بەکارهێنانی زیاتری ئاو لە بواری جۆراوجۆری کشتوکاڵی، پیشەسازیی و...هتد، رەهەندەکانی ئەم ناکۆکییە رۆژ لە دوای رۆژ پتر پەرەدەسێنێ، بە تایبەت ئەگەر سەرچاوەی ئەو ئاوە، رێڕەوە ئاوییە

---

[1] محمد حسن نامی و علی محمدپور، بررسی هیدروپلیتیکی حوضه های غرب کشور (نمونه: زاب، سیروان والوند)، مجله جغرافیا و توسعه ناحیه‌ای، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه فردوسی، مشهد، شماره چهاردهم، بهار و تابستان ١٣٨٩ ه.ش (٢٠١٠ ز)، ص ١٣٤.

نێودەوڵەتییەکان بێ، کە سنووری زیاتر لە دەوڵەتێك دەبڕێ و بەکارهێنانی پێویستی بە ڕێکخستنە، بۆ ئەوەی هاوسەنگی لە نێوان ماف و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕێڕەوی ئاوییدا دروست بکات.

ئێستا لە جیهاندا (٢٦٣) ڕێڕەوی ئاویی هاوبەش هەیە، کە لە نێوان (١٤٥) دەوڵەتدا هاوبەشە و (٦٠٪) کۆی گشتی ڕووبارەکانی جیهان پێکدەهێنن.[٢] جگە لەمەش، نزیکەی (٦٦٪) لە سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق لە وڵاتانی تورکیا، ئێران و سووریاوە سەرچاوە دەگرێ.[٣] کۆنترین پێکدادان لەسەر ئاو، (٤٥٠٠) ساڵ لەمەوپێش، لە سەردەمی سۆمەرییەکان لەسەر ڕووبارەکانی دیجلە و فورات ڕوویداوە. بە هۆی سنووردارບوونی ئاوە شیرینەکانی جیهان، ئەم سەرچاوانە دەبنە ناوەندێك بۆ گرژییەکانی داهاتوو. لە پەنجا ساڵی ڕابردوو (١٨٣١) ململانێ و مشتومڕ لەسەر ئاو لە جیهاندا ڕوویانداوە، کە (٣٧) حاڵەتی بووەتە هۆی ڕوودانی جەنگ و تەقاندنەوەی بەنداوەکان.[٤]

بێگومان ناکۆکی لەسەر ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، وەك بەشێك لە کێشە سنوورییەکانی نێوان عێراق و ئێران، هەر لە دێرزەمانەوە لە ئارادا بووە و گرژیی و پێکدادانی لە نێوان هەردوو وڵاتدا خولقاندووە. ڕێڕەوی ئاویی سیروانیش، یەکێکە لەو ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتیانە، کە ئێستا عێراق و ئێران ناکۆکییان لەسەر هەیە. هۆکاری ئەمەش بۆ ڕێزنەگرتن لە مافەکانی عێراق و بەکارهێنانی زێدڕۆیانەی ئاوی ئەم ڕێڕەوە و بەجێ نەگەیاندنی پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران دەگەڕێتەوە لەم بوارەدا. سەرەتای دەست پێکردنی ئەم کێشەیە، بۆ ناوەڕاستی دەیەی نەوەدی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، کە لەو کاتەدا

---

[٢] غلامرضا هاشمی و ئەوانیتر، بحران آب و تأثیر آن در مسائل هیدروپولیتیك خاورمیانەبا تأكید بر حوضە های آبریز مشترك، مجموعە مقالات نخستین كنفرانس ملی پژوهشهای كاربردی منابع آب ایران، دانشگاە صنعتی كرمانشاە، ١٣٨٩ ھ.ش (٢٠١٠ ز)، ص ٥٢٧. هەروەها محمد حسن نامی و علی محمدپور، پیشین، ل ١٣٦.

[٣] د.بهروز ساری صراف، بحران آب و همكاریهای بین المللی، مجله اطلاعات سیاسی-اقتصادی، مؤسسه اطلاعات، تهران، شماره (٢١٥-٢١٦)، مرداد و شهریور ١٣٨٤ ھ.ش (٢٠٠٥ ز)، ص ٢٠١.

[٤] د.محمد اخباری و ئەوانیتر، بررسی پیامدهای انتقال آب رودخانەهای مرزی بە حوضە های داخلی: مورد رودخانە زاب كوچك، همایش مرز، ارومیە، مرداد ١٣٨٦ ھ.ش (٢٠٠٧ ز)، ص ٧.

ئێران هەڵسا بە جێبەجێکردنی کۆمەڵێك پرۆژەی ئاودێریی و بەنداو لەسەر ئەم ڕێڕەوە ئاوییە، بەڵام لە گەڵ دەست پێکردنی بەرنامەی گەشەپێدانی چوارەمی ئێران، لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠٠٩) و بەرنامەی گەشەپێدانی پێنجەم، لە نێوان ساڵانی (٢٠١١-٢٠١٥) ئەم پرۆسەیە خێراتر بووە و هەتا ئێستاش بەردەوامە.

**دووەم/ گرنگی توێژینەوەکە:**

سەرچاوە ئاوییەکان، لەنێویشیاندا ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بە سامانێکی گەورەی سروشتی و بەردی بناغەی گەشەکردنی هەر وڵاتێك دادەنرێن، هەربۆیە دەوڵەتان هەوڵ دەدەن دەست بەسەر ئەم سەرچاوەیەدا بگرن. هەروا بەسەرنجدان، بە پێویستیی ڕوولەزیادبووی دەوڵەتان بە ئاوی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان لە بواری ناکەشتیرانی، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، پێشکەوتنە تەکنۆلوجیەکان بۆ بەکارهێنانی زیاتری ئەم ڕێڕەوانە، وشکەساڵی و...هتد، ناکۆکی لەسەر ئەم ڕێڕەوانە تا دێت زیاتر پەرە دەسێنێ. گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، جگە لەوەی بابەتێکی یاسایی نوێ و هەستیارە لە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران، لە هەمان کاتیشدا کێشەیەکی ئێستا و ئایندەییە، کە لە لایەکەوە دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی پێکدادان و قەیران و گرژیی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و لە لایەکیترەوە کاریگەریی هەیە لەسەر ئاسایشی ئاو و خۆراك و پرۆسەکانی گەشەکردن و پاراستنی بنەماکانی مافی مرۆڤ لە عێراقدا. هەروا بەپێی گەڕان و بەدواداچوونی توێژەر، دەرکەوت هەتا ئێستا، هیچ توێژینەوەیەکی یاسایی لە بواری ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان لە عێراق و ئێران ئەنجام نەدراوە و دەکرێ بڵێین ئەمە یەکەم توێژینەوەیە، کە لەم بارەیەوە ئەنجام دەدرێ.

**سێیەم/ ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

١) سەلماندنی مافە یاساییەکانی عێراق لە ڕێڕەوی ئاویی سیروان، لە ژێر ڕۆشنایی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتی و دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق و ئێران.

٢) خستنەڕووی شێوازەکانی بەجێ نەگەیاندنی پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران، لە ڕێرەوی ئاویی سیروان لە ژێر ڕۆشنایی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتی و دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق و ئێران و ڕێساکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی.

٣) دیاریکردنی ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناکۆکی لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان، لە ژێر ڕۆشنایی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتی و دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی.

٤) لێدانی زەنگی مەترسی بۆ لایەنە پەیوەندیدارە عێراقی و نێودەوڵەتییەکان، لەو کارەساتەی کە بەڕێوەیە بۆ سەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان، کە دەرەنجامی نەرێنی یاسایی، سیاسی، ئابووریی و کۆمەڵایەتی لیدەکەوێتەوە.

**چوارەم/ گرفتی توێژینەوەکە:**

گرفتی توێژینەوەکە بۆ چونێتی دابەشکردن و بەکارهێنان و جۆری ئاوی ڕێڕەوی ئاویی سیروان دەگەڕێتەوە لە نێوان عێراق و ئێران، لە ژێر ڕۆشنایی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتی و دووقۆڵییەکان لە نێوان عێراق و ئێراندا و هەروا پیادە نەکردنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتننامانەیە. پاش گرێدانی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر و هاوپێچەکانی لە ساڵی ١٩٧٥، لەوانەش ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران بۆ کەڵك وەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە سنوورییەکان، پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات بە قۆناغێکی ئاڵۆز و پڕ لە کێشە و جەنگدا گوزەری کرد، ئەمەش بووە هۆکار بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی ئاماژەپێکراو وەك پێویست جێبەجێ نەکرێت، بە تایبەت ڕێککەوتنی کەڵك وەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە سنوورییەکان. تەنانەت لە حاڵەتی جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەم ڕێککەوتنەش، ناوەڕۆکەکەی لە گەڵ پێداویستی و پێشکەوتنەکانی سەردەم و کەڵك وەرگرتنی دادگەرانە و گونجاودا یەکناگرێتەوە، هەربۆیە ناتوانێ وەڵامدەرەوەی خواست و پێویستییەکانی عێراق بێت، بۆ کەڵك وەرگرتنی شیاو لە ئاوی ئەم ڕێڕەوانە و لەوانەش ڕێڕەوی ئاویی سیروان. ئەمەش وایکردووە ناکۆکی دروست بێ لەسەر جۆری ئاو، ماف و پشکی عێراق لە ئاوی ڕێڕەوی ئاویی سیروان و خۆدزینەوەی ئێران لە جێبەجێ کردنی پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی لەم بوارەدا.

**پێنجەم/ گریمانەی توێژینەوەکە :**

گریمانەی ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە، کە سیاسەتی ئاویی ئێران بەرامبەر بە عێراق و بە روونی لە ڕێڕەوی ئاویی سیروان، پێچەوانەی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و ڕێککەوتننامە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵاتە و بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەخاتە ئەستۆی ئێران. هەروا ئەم هەڵسوکەوتەی ئێران، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی و گرژیی زیاتر لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و زیان بە مافەکانی عێراق دەگەیەنێ لە ڕێڕەوی ئاویی سیرواندا.

**شەشەم/ چوارچێوەی توێژینەوەکە :**

چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە، ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان دەگرێتەوە، کە یەکێکە لەو ڕێڕەوە نێودەوڵەتیانەی لە نێوان عێراق و ئێراندا بوونی هەیە. بەپێی نوێترین پێناسە سەبارەت بە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، کە لە ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیرانی ساڵی ١٩٩٧دا هاتووە، ئەم پێناسەیە جگە لە ڕێڕەوی سەرەکی سیروان، لقە جۆراوجورەکانی ئەم رووبارەش دەگرێتەوە. هەربۆیە باس لە کێشەی هەردوو رووباری ئەڵوەند و قۆرەتووش دەکەین لە ژێر ڕۆشنایی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی.

**حەوتەم/ دژوارییەکانی بەردەم توێژینەوەکە :**

گرفتی سەرەکیی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە، بۆ دەگمەن بوونی سەرچاوە و توێژینەوەی یاسایی دەربارەی ڕێڕەوی ئاویی سیروان دەگەڕێتەوە. هەروەها بەهۆی ئەوەی توێژینەوەکەمان بە زمانی کوردییە و زۆربەی سەرچاوەکان بە زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزیی و فارسی بوون، هەربۆیە دانانی زاراوە هاوتاکان بە زمانی کوردی و وەرگێڕانیان لەو زمانانەی کە باسکران، پێویستیان بە کات و ماندووبوونێکی زیاتر بوو. جگە لەمەش، سەرەڕای گەشت کردنمان بۆ بەغداد و تاران وپارێزگاکانی دیکەی عێراق و دژوارییەکانی بەردەم ئەم گەشت و گەڕانە، هەوڵێکی زۆرماندا بۆ دەست خستنی بابەت و زانیاریی فەرمی لەسەر ڕێڕەوی

ئاویی سیروان لە دامودەزگاکانی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران، بەڵام لەم رووەوە وەك پێویست هاوکار نەبوون، تەنها توانیمان هەندێ زانیاریی لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەست بهێنین. هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، هەتا ئێستا بابەتی ئاو و بە تایبەت رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، بە بابەتێکی نهێنی و پەیوەندیدار بە ئاسایشی نیشتمانی لە قەڵەم دەدرێ و دەرگا بۆ توێژەران ناخرێتە سەرپشت لەم بوارەدا.

**هەشتەم/ میتۆدی توێژینەوەکە :**

ئەو میتۆدانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارمان هێناوە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١) میتۆدی شیکاریی یاسایی: بۆ شیکردنەوەی پەیماننامە نێودەوڵەتی و دووقۆڵییەکانی پەیوەست بەم بوارە، هەروا شیکردنەوەی ئەو ئەحکامە یاساییانە، کە چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو وڵات دەکەن لە بواری ماف و پابەندییەکانیان لەسەر رێڕەوی ئاویی سیروان و دواجار ئاستی گونجانی سیاسەتی ئاویی ئێران لەگەڵ ئەم پەیماننامە و ئەحکامامانە و ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە شێوازی ئاشتیانە.

٢) میتۆدی وەسفی و تەتبیقی: ئەم میتۆدەمان بەکار هێناوە بۆ باسکردن لە پێناسە، بنەماکان و تیۆرییە یاسازانییەکانی تایبەت بە رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و تەتبیقکردنی لەسەر رێڕەوی ئاویی سیروان و باسکردن لە لایەنی جوگرافی و مێژوویی ئەم رێڕەوە.

٣) میتۆدی بەراوردکاریی: ئەم میتۆدەمان بەکار هێناوە بۆ بەراوردکردن لەنێوان پەیماننامە نێودەوڵەتی و دووقۆڵییەکان و بنەما و ئەحکامەکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی تایبەت بە رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان.

٣) لە هەندێ شوێندا بەپێی پێویستیی و بۆ دەوڵەمەندکردنی زیاتری توێژینەوەکە، کەڵکمان لە میتۆدی مێژوویی و هەڵێنجان وەرگرتووە.

### نۆیەم/ پلانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەم ڕەوشی مێژوویی و جوگرافی و سروشتی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان دەخەینەڕوو لە دوو باسدا. لە باسی یەکەم، ڕەوشی مێژوویی و جوگرافی ڕێڕەوی ئاویی سیروان و ئەو پرۆژانە دەخەینەڕوو، کە ئێران و عێراق لەسەر ئەم ڕێڕەوە ئەنجامیان داوە. هەروەها لە باسی دووەم، ئاماژە بە سروشتی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان و بنەما و تیۆرییە یاسازانییەکان دەکەین بۆ کەڵك وەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان.

بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە تەرخان کراوە بۆ باسکردن لە سەرچاوە یاساییە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و پیادەکردنیان لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان. بۆ ئەم مەبەستە بەشەکەمان بەسەر دوو باسدا دابەش دەکەین. لە باسی یەکەم، سەرچاوە نێودەوڵەتییە ڕێککەوتووەکان بۆ بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و پیادەکردنیان لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان دەخەینەڕوو، کە تێیدا باس لە ڕێککەوتننامە گشتی و تایبەتییەکان و ڕێککەوتننامە تایبەتییە دووقۆڵییەکانی نێوان فارس و عوسمانی و عێراق و ئێران دەکەین. هەروەها لە باسی دووەم، ئاماژە بە سەرچاوە نێودەوڵەتییە نارێککەوتووەکان دەکەین بۆ بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و پیادەکردنیان لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان، کە بریتین لە نەریتی نێودەوڵەتی، بنەما گشتییەکانی یاسا، بڕیارە دادوەرییەکان، یاسازانیی نێودەوڵەتی و بنەماکانی داد و ئینساف.

لە بەشی سێیەم و کۆتایی توێژینەوەکە، تیشك دەخەینە سەر ناکۆکییەکانی نێوان عێراق و ئێران لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان لە ژێر ڕۆشنایی ڕێساکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی و ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناکۆکییەکان. ئەم بەشە بەسەر سێ باسدا دابەش دەکەین. لە باسی یەکەم، ڕێساکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی و پیادەکردنی لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان دەخەینەڕوو. باسی دووەم تەرخان دەکەین بۆ ناکۆکی و شێوازەکانی بەجێ نەگەیاندنی پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان لە

ژێر رۆشنایی رێساکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی. هەروەها لە باسی سێیەم و کۆتایی ئەم بەشە، ئاماژە بە ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان و پیادەکردنی لەسەر رێرەوی ئاویی سیروان دەکەین.

لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا، ئەو ئەنجامانە دەخەینەڕوو، کە بە هۆی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووین، هەروەها کۆمەڵێك راسپاردەش پێشکەش دەکەین بۆ لایەنە ناکۆك و نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بەو ئومێدەی کەڵکی پێویستی لێوەربگیرێت.

**توێژەر**